


# ژیانێک لە چاوەڕوانی و نیگەرانیدا

**ز. ناشارەزا**



چاوەڕوان نەدەکرا لەدیدارێکی چەند چرکەییدا خۆشەویستی لەنێوان کوڕێک و ژنێکی بەمێرد دروست ببێ. ئەوکاتەی لەفرگەی حەلەب پێشوازیم لەخوشکەکەم کرد کەماوەی ٦ساڵ بوو یەکترمان نەبینی بوو، ژنێکی باڵابەرزی گەنم ڕەنگی لەگەڵدابوو. خوشکەکەم بەیەکتری ناساندین. دوای چاک و چۆنی لەیەکتری جیابووینەوە . من و خوشکەکەم و منداڵەکانی سواری ئۆتۆمۆبیلێک بووین، ئەویش لەگەڵ شووبراکەی کەبەدوایدا هاتبوو، سواری ئۆتۆمۆبیلێکی دیکەبوون و ڕۆیشتن. خوشکەکەم ماوەی ٢ مانگ لەکوردستان مایەوە، دوایی دووبارە ئەو و منداڵەکانیم گەیاندەوە فرگەی حەلەب. ئەوان ڕۆیشتنەوە منیش بەرەو کوردستان گەڕامەوە . هێشتا ١٠ ڕۆژ بەسەر گەڕانەوەی خوشکەکەم تێنەپەڕی بوو کە خوشکەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم. دوای هەواڵپرسین، پێیگوتم کەفلانە ژن لەلام دانیشتووەو دەیەوێ قسەت لەگەڵدا بکات. من زۆر بەئاسایی قسەم لەگەلدا کرد، ئەو هەندێ وشەی نامۆی تێگرتم. من وامزانی گاڵتەم لەگەڵدا دەکاتم بۆیە بەگاڵتەوە پێمگوت: (کاتت زۆرەو دەتەوێ بەمن رابوێریت؟!).

بەهۆی ئەو تەلەفۆنەوە پێوەندی لەنێوان من و ئەو ژنەدا دروست بوو. زوو زوو تەلەفۆنی بۆ دەکردم و وشەداکراوەکانی دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕشتم. ئەو وای پێشان دەدا کەبەزۆر بەشوویان داوەو حەز بەچارەی مێردەکەی ناکات. ئەو لەودیوی تەلەفۆنەوە فرمێسکی دادەباراند و داوای بەڵێنی لێ دەکردم. منێک کەخەونم بەئەورووپاوە دەدەی، هێندە بیرم لەناپاکی و بەدبەختکردنی دیتران نەدەکردەوە ،بەڵام ڕازیش نەدەبووم لەبەر من واز لەشووەکەی خۆی بهێنێ. ئەو دڵنیایی دەکردمەوە کە ئەوان کێشیان زۆرەو بواری بەیەکە وەژیانیان بۆ نەماوەتەوە واز لەیەکتر دەهێنن و جیا دەبنەوە . من نەمدەزانی ڕاست دەکات یان درۆ. جارێکیان ئەو مەسەلەیەم لای خوشکەکەم باس کرد، ئەویش تێیگەیاندم کەگرفتی زۆری لەگەڵ شووەکەی هەیەو لە دادگە داوای جیابوونەوەی کردووە.من لەڕێگەی خوشکەکەمەوە زانیم کە گرفتی هەیە بۆیە منیش بەڵێنم پێدا، دڵنیام کردەوە هەرکاتێ بەڕەسمی لەشووەکەی جیا بێتەوە من ئامادەم بیخوازم.

من لەسەرەتاوە لەئاکامی ئەو خۆشەویستیە نیگەران بووم و نەمدەزانی بەرەو چ هەوارێک دەڕۆم. خوشکەکەم دڵ گەرمی دەکردم، منیش بەهەوای ئەورووپاوە سەمام دەکرد، ڕۆژ دوای ڕۆژ پێوەندی نێوانمان گەورەتر دەبوو. ئێواران تەلەفۆنی بۆ دەکردم و بەیەکەوە دەدواین و بەرنامەی داهاتوومان دادەڕشت. ئەو بەڵێنی پێدەدام کەژیانێکی ناوادەم بۆ دروست بکات، منیش بەڵێنم پێدەدا کەخەفەتەکانی ڕابردووی بۆ بسڕمەوەو تەمەنی ڕۆیشتووی بۆ قەرەبوو بکەمەوە .

بەگوێرەی یاسای ئەو وڵاتەی ئەو تێیدا دەژیا، دەبوایە یەک ساڵ بەسەر داوای جیابوونەوە بگوزەرێ تا جیابوونەوەکە بڕیاری لێدەدرێ. ئێمە هەردووکمان چرکەو خولەکمان بەپەنجە دەژماردن. سەرەنجام بڕیاری دادگە دەرچوو. هەر نامەکەی وەرگرتەوە تەلەفۆنی بۆ کردم و مژدەی پێدام، لەخۆشیانا هێندە نەمابوو باڵبگرم. ئەو پێدەکەنی و منیش لەدووری هەزاران میلەوە لەگەڵیدا پێدەکەنیم.

تەڵاقنامەکە هەردووکمانی شاگەشکەکردبوو. خەونەکانی منی بەرەو ڕاستی دەبردو هیواکانی ئەویشی پڕ چرۆ دەکرد. ئەو حەزی دەکرد هەر ئەو ڕۆژەبنێرمە خوازبێنی، بەڵام لەبەر خزم و کەسانی ئەو نەدەبوو، باش نەبوو هەستیان بەمەسەلەکە بکردبایە، وامان بەرنامەڕێژی کرد کەدوای ماوەیەک بێتەوەکوردستان، یەکتر ببینین و دایکم و خوشکەکانم سەردانی بکەن و دواتریش خوازبێنی بکەن. خوشکەکەم پەلەی بوو کەهەرچی زووترە بنێرمە خوازبێنی، ئەو منەی گەیشتنی منی دەکرد، ئەو پێیوابوو کە بەگەیشتنی من دەرگەی بەهەشت لەویش دەکرێتەوەو لەبرایێکی نزیک دەبێتەوە . خوشکەکەم چەند ساڵێک بوو دوور لەئێمەوەدەژیا، هەستی بەغەریبی دەکرد. ئەو لەئێمە زیاتر شاگەشکەببوو. ئەویش بەردەوام تەلەفۆنی بۆ دایکم دەکرد و خۆشحاڵی خۆی پێشان دەدا.

دایکم هێندە حەزی بەو مەسەلەیە نەدەکرد. ئەو پێیوابوو نابێ ژنێکی لەخۆم گەورەتر بخوازم . بەسەرهاتی ئەو پیاوانەی بۆ باس دەکردم کە ژنی لەخۆیان گەورەتر دەهێنن . دەیان نموونەی ناکامی بۆ دەگێڕامەوە . ئەو پێیوابوو کە دەبێ هەمیشە پیاو لەژن گەورەتر بێ. ئەو دەیگوت: (لەبەر منداڵبوون، ژن زووتر پیر دەبن، ئەگەر ژنەکە بەتەمەنتر بێ ئەوە زۆر زووتر پیر دەبێ، ئەوکاتە پیاوەکە بیر لەژنهێنانی دیکەدەکاتەوە ، بەمەش بەدەستی خۆی دۆزەخێک بۆ خۆی و بۆ منداڵەکانی دروست دەکات). من نەک قسەی دایکم، هەزاران قسەی لەو بابەتەم بەفلسێ نەدەکڕی. هەرگیز لای چاکەم لەقسەکانی دایکم نەدەکردەوە.

ماوەی سێ مانگ بوو باڵم لێڕوابوو، بەڵام نەمدەتوانی پەراوز بکەما بفڕم. شەوێکیان زۆر دوایین، دەیان گەڵاڵەمان بۆ داهاتوو دارشت. ئیتر ڕێککەوتین کە ئەو بێتەوە کوردستان. بەخت یارمان هاتەوە ،دایکی نەخۆش کەوت، ئیدی بیانۆیەکی باش بۆ هاتنەوەی ڕەخسا . بەپەلە گەڕایەوە کوردستان. نامەو دیاری لە خوشکمەوە بۆ هێنابووین، بەبیانۆی وەرگرتنی ئەوانەوە سەردانیم کرد. ماوەیەک بەیەکەوە دانیشتین. دایکی لەنیازی من تێگەیشت. ناکرێ کوڕێک بۆ وەرگرتنی دیاری خوشکی بچێتە لای ژنێکی دیکەو هێندە ئاشنایانە بەیەکەوە بدوێن و گفتوگۆ بکەن. ئەو لەرادەبەدەر ڕێزی لێگرتم، پاساوی ئەو ڕێزگرتنەشی بۆ ئەوە دەگێڕایەوە کە گوایە خوشکەکەم لەهەندەرانەوە زۆر هاوکاری کردووە و بەهانایەوەچووەو . دایکی ژنێکی دنیا دیدەبوو،پەی بەنهێنیەکان دەبرد ، نەمویست تەواوی نهێنیەکان هەڵکرێنێ، خواحافیزیم کردو بەرەو ماڵ گەڕامەو ەمن ئاگام لەخۆم نەمابوو، خۆشی لەنێوچەوانمەوە دادەباری.

دایکم و خوشکەکانی دیکەم سەردانیان کردو بۆ خواردنی نیوەڕۆیێک بانگهێشتنیان کرد. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژێکیان خۆی و دایکی لەماڵی ئێمەبوون، خوشکەکەم لەهەندەرانەوە تەلەفۆنی بۆ کردن و هەر لەوێ خوازبێنی لەدایکی کردبوو.

چەند ڕۆژ دواتر دایکم و خزمەکانی دیکە چوونە ماڵیان و بەرەسمی خوازبێنیان کرد. نۆرەی ئەوەهات کە من لەگەڵ پیاواندا بچم. سەرەنجام هەمو مەسەلەکە بەخێرایی تەواو بوو ، بەبۆنەی شەکراو خواردنەوە ئاهەنگێکی خنجیلانەمان سازکرد. بۆ سەردانی سەفارەت دەبووایە وێنەو فیلمی ڤیدیۆیمان هەبێ. هەموو شتەکان تەواو کران. دواتر چووینە دادگەو بەفەرمی مارەیی بڕدرا.

خوشکەکەم لەدوورەوە لەشادی هەڵکێشرابوو. پێشنیاری کرد کەمنیش لەگەڵیاندا بڕۆم بۆ سوریاو لەوێش سەردانی سەفارەت بکەین و داوای کاتی چاوپێکەوتن بکەین. بەو هۆیەوە بووک و زاوا بۆ مانگی هەنگوینی بەرەو سوریا بەڕێکەوتن، منداڵەکانی بچووک بوون، بەڵام بەگومانەوە سەیریان دەکردم. هاوسەرەکەم دەیگوت: ( منداڵەکانم زۆر رقیان لەباوکییانە ، هەرگیز سەردانی ناکەن، ئەگەر تۆ بتەوێ، دەتوانی ئەو بۆشاییەیان بۆ پڕبکەیتەوە ). هەرچۆنێ بوو گەیشتینە سوریاو سەردانی سەفارەتمان کرد.

# جیابوونەوەی خێزان لە ڕەوەندی کورد لە ئەوروپادا



**شەرمین عەباس عوسمان**

لەوانەیە زێدەڕۆیمان نەکردبێ ئەگەر بڵێین جیابوونەوەی خێزانی لە نێو ڕەوەندی کورد بەبەراورد لەگەڵ ڕەوەندی بیانانی دیکە لە ئەوروپا پلەی یەکەمی وەرگرتووە. بەداخەوە گرفت و ئاژاوەو کێشەکانی نێو خێزانی کوردان لە ئەوروپا ڕوو لە زیاد بوونە. زۆربەی جاران ئەو کێشانە ئەگەر بچووکیش بن بە جیابوونەوە کۆتاییان دێ، ئەمەش ڕەوشێکی نائاسایی قووت کردۆتەوە. گرفت و ئاژاوەی گەورەی لە دوای خۆیەوە جێهێشتووە. هەندێ جار ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە، لێدان و کوشتن و گرتن و زیندانی کردنیشی بەدواوە دێ. ئەو گرفت و کێشانە بە گەورەو بچووکیانەوە لەسەر کورد بە گشتی پێوانە دەکرێن و نەخشی کاریگەرییان دەبێ. زۆرێک لە بیانیان دەپرسن: بۆچی خێزانە کوردەکان ئاوا بە خێرایی لەیەکتری دادەبڕێن؟! کێشەکانیان چارەسەر ناکرێن و ئاکامی خراپییان لێدەکەوێتەوە؟! لێدان و گرتن و زیندانیکردن و کوشتن سوود بە کێ دەگەیەنن؟! ئێمە چەندە لەسەر ئەو ڕەوشە ناخۆشە بدوێین، هێشتا هیچمان نەگوتووەو لە تواناشمان دانابێ سوودێکی زۆر بگەیەنین، کەچی دیسانیشەوە ناچارین ئەگەر بە سەرپێیش بێ، باسیان بکەین و بیانخەینە ڕوو.

ئەو ڕووداوانەی لەنێو ڕەوەندی کوردی هەندەران دەقەومێن، بە دەگمەن لە ڕۆژنامەکانی نێوەخۆی کوردستان باسیان لێوە دەکرێ و ڕەنگ دەدەنەوە، ئەگەر باسیشیان لێوە بکرێ، دیسانیشەوە بەشێوەیەکی نارۆشن دەخرێنەڕوو کە لەوانەیە شاردنەوەیان باشتر بێ. ماڵپەڕەکانی تۆڕی ئینتەرنێت ئەو هەواڵانە دەخەنە ژێر میکرۆسکۆبەوە، بەچەندین شێوە باسیان لێوە دەکەن، زۆربەیان پەنجەی تۆمەت بۆ پیاوان رادەکێشن و پێیانوایە کە ئەوە پیاوانن کە کەمتەرخەمن و سەرچاوەی هەموو کێشەکانن. هەندێ لەوانەیە ئەو کێشەیە بۆ پیاوسالاری و پاشکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردەواری و نەگونجانیان لەگەڵ کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان دەگێڕنەوە. هەندێکی دیکە ئۆباڵەکەی بە ئەستۆی بێ بەندوباری و سیستەمی ئەوروپا دادەدەن. هەندێکی دیکە بێ ئەوەی بۆ سەرچاوەی کێشەکان بگەڕێنەوە، بێ سێ و دوو ژنان تۆمەتبار دەکەن و پێیانوایە کە ژنان لە خۆیان دەگۆڕێن و هەوای ئەوروپا کاریگەری نەرێنیان لەسەر پەیدا دەکات. کوشتنی فاتیمەو پێلا، کوشتن و سووتاندنی سابات و دەیان ڕووداوی دیکە ناسنامەیەکی کرێتی بە کوردان داوە، هەقە ڕاشکاوانە قسە لەسەر ئەو کێشانە بکرێ و تۆژەری کۆمەڵایەتی بێنە مەیدان و ڕاستیەکان ئاشکرا بکەن و ڕێگەی خۆپارێزیان بۆ بدۆزێتەوە.

جیابوونەوە بەتەنیا لەنێوان ژن و پیاودا نییە، بەڵکو زۆرجاران کچان و کوڕان ماڵە باوانیان جێدەهێڵن و دەتۆرێن. هەندێکیان بەبێ گرفت دوور دەکەونەوەو خانووی سەربەخۆ دەگرن، هەندێکی دیکە پەنا بۆ هاوڕێ بیانیەکانیان دەبەن و لەلای ئەوان دەژین. هەندێکی دیکەیان ناخۆشی لێدەکەوێتەوە. باوک و براکانیان دووچاری دەردەسەری و گرتن و زیندانی دەکەنەوە. لە کاتێکدا زۆر بە ئاسانی و بە ئاسایی دەکرێ کە بەو شوێنەی نەگەیەنن، ڕێزو خۆشەویستی و پێوەندی خێزانی و خزمایەتی بهێڵنەوەو ماڵی سەربەخۆش پێکبهێنن.

ژن و پیاوی کورد بەمەبەستی ئەوەی ژیانێکی خۆشتر بۆ خۆیان و داهاتوویێکی گەشاوەتر بۆ منداڵەکانیان دەستبەر بکەن، ڕوو لە ئەوروپا دەکەن، کەچی بەشێک لەوان لە جیاتی ئەوەی مەبەستەکەیان بهێننە دی، کەچی ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان دەکەنە دۆزەخ. ئەو هاوسەرانەی کە جیادەبنەوە، وێڕای ئەوەی کە خۆیان بەدبەخت دەکەن، دۆزەخێکی ترسناک بۆ منداڵەکانیان دروست دەکەن. دەکرێ ژن و پیاو لەبەر هەر هۆیەک بێ لەیەکتری جیاببنەوە، بەڵام دەشتوانن ڕێزو حورمەت بهێڵنەوەو منداڵەکانی خۆشیان لە نازو سۆزو خۆشەویستی دایک و باوک بێبەش نەکەن. لێرە ژمارەی ئەو منداڵە سویدیانەی کە دایک و باوکیان لەیەکتر جیابوونەتەوە یەکجار زۆرە، بەڵام ئەو ژن و پیاوە سویدیانە، زۆربەیان کە لەیەکتر جیاش دەبنەوە، پردی پێوەندی نێوانیان ناڕوخێنن، سەردانی یەکتر دەکەن، ڕێگەی منداڵەکانیشیان دەدەن کە لەکاتی دیاریکراودا باوک یان دایکە دابڕاوەکەیان ببینن و لەگەڵیاندا بمێننەوە. بەداخەوە لەنێو ڕەوەندی کوردان پێچەوانەیە، کاتێ ژن و پیاوەکان جیا دەبنەوە، منداڵەکانیش سەرگەردان دەبن. زۆربەی ژنەکان ڕێگەنادەن چاویان بە باوکیان بکەوێتەوە. هەندێک لەو ژنانە لە ڕەوەندی کوردانیش دادەبڕێن، خۆیان گۆشەگیر دەکەن و خۆیان دەشارنەوە. حەز ناکەن کەس بیان ناسێ، هەندێک لەوان ناوی خۆیان و باوکیشیان دەگۆڕن. بەو حاڵەشەوە گرفتەکان گەورەتر دەبنەوە. باوکەکانیش بە مافی ڕەوای خۆیانی دەزانن کە منداڵەکانی خۆیان ببینن لەباوەشیان بکەن و خواردنیان لەگەڵدا بخۆن. بۆ ئەوەی منداڵەکان سەرگەردان نەبن و ژن و پیاوە تەڵاقدراوەکانیش گرفتەکانیان گەورەتر نەکەنەوە، باشتر وایە کە پێوەندی نێوانیان بەردەوام بێ، وەکو دوو هاوڕێ و دوو ناسیاو ڕێزی یەکتر بگرن، بەهەردووکیان داهاتوویێکی بەختەوەر بۆ منداڵەکانیان مسۆگەر بکەن.